# Tekoshan

No.126

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty Threeth Year Nomber ((126)) 15 of Kharmanan 2706 Kurdish Colemdar falling no 1386 Hijri I Falling 6th Seb 2007



**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: www.komitayafratan@yahoo.com

ئادرسی تێکۆشان لە سەر شەبەکەی جیهانی ئیبنترنێت http://www.sazmanikhabat.com/tekoshan.htm

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم ئادرەسە:

Email: dangikhabat2003@yahoo.com http://www.sazmanikhabat.com/radio.htm

Tel: ثریا ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤٠٦٨٩ - ثریا ٠٠٨٨٢١٦٦٧٧٤١٩٩٨ نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ — ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرك تیلکۆم — ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com


# پیرۆز بێ ٥ی خەرمانان ٢٧مین ساڵوەگەڕی دامەزرانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران










## ٢٧ساڵ هەڵسورانی شۆڕشگێرانەی بەردەوام

**بەختیار**

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هێزێکی نیشتمانی و شۆرشگێڕە کە لەماوەی ٢٧ساڵ تەمەنی دا سەلماندوویەتی چەندە دلسۆزانە و فیداکارانە لە ڕێگەی ئازادیی نیشتمان و گەلی کورد تێکۆشاوە. تایبەتمەندیی سازمانی خەبات کار و هەڵسووڕانەکانی بە نوسینی بابەتێك و ووتارێك کۆتایی نایێ، بۆ دەرخستنی روخسار و مێژووی پڕ لە سەروەریی سازمان لێکدانەوەی وردی ئاکادیمانەی گەرەکە. ئەوەی دەکرێ بە کورتی باسی لێ بکەین و بینوسین ئەوەیە کە سازمانی خەبات هێزێکی نیشتمانیی شۆڕشگێڕە کە لە مێژووی کار و هەڵسورانیدا هەولّی داوە لە ئوسوولە سیاسی و کردارە شۆڕشگێڕانەکانی لانەدا و بەردەوام لە خزمەت بە گەل و نیشتمان دابێ. خزمەت و فیداکارییێك نە لە چوارچێوەی شیعاردا، بەڵکو بە پراکتیك و هەڵسورانی بێ وچان ئەنجامی داوە و سەلماندویەتی.

بەدوای دامەزرانی سازمانی خەبات لە ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ی کۆچی خۆری گەلێك روداوی تاڵ وکەندو کۆسپی تاقەت پروکێن هاتنە ڕێی ڕێبوارانی ڕێگەی سازمان، پیلانی جوراوجۆری ئەوتۆ کە باس کردنیان دەبنە هۆی کولانەوەی زامەکان. ئەو هەل و مەرجە تاڵ و نالەبارانە لەئێستادا باس ناکرێن و جێگە و شوێنی سازمان و هەستی نیشتمان ویستی ودڵسۆزیشی ڕێگە دەگرێ لەوەی باسیان بکەین. ئەوانەی لە سازمانی خەبات دا کاریان کردوە و هەڵسووراون هەر کام لە بەشێك لەو کەند و کۆسپ و ئازارانەی توشی سازمان هاتوە ئاگادارن. ئەوەی کە سازمانی خەبات و ڕێبوارانی ڕێگەی پەر لە سەروەری توانیان بەسەر پیلان و کۆسپەکاندا زاڵ بن و دانە دانە لەسەر ڕێیان لادەن گرینگە، بەڵام گرینگ تر ئەوەیە کە هیچ کام لە پیلان و خەیانەتەکان نەیانتوانی کار بکەنە سەر رەوتی کاری سیاسی وتەشکیلاتی و ڕاگەیاندن وپێشمەرگەیی سازمان. بەخۆشیەوە سازمانی خەبات ئەوکارەی کە بە هێزی زۆر نەدەکرا توانی ئەنجامی بدا، ئەو ڕێگە سەختانەی بەکەس نەدەبڕان پێوانی، ئەو هەڵوێستە سیاسیە دروستانەی کە بە کەم لایەن دەگیران گرتنی پێگە و بنکە نیزامی و سەربازیەیانەی ڕژیم کە حەستەم بوون، پێشمەرگە قارەمانەکان لەچاوتروکاندنێکدا دەستیان بەسەردا دەگرتن و هێزی دۆڕاوی دژمنیان ئەسیر دەکرد و چەك و تەقەمەنیی زۆریان دەستکەوت دەبوو. فەرماندە لێهاتوەکانی سازمان کە ژمارەییێکیان ئەندامی ڕێبەرایەتی سازمان بوون و هەروەها پێشڕەو بوون لە مەیدانەکانی جەنگ روبەرووبونەوەی دژمناندا، لە کاری سیاسی و تەشکیلاتیدا هەڵسوور و لێبڕاو بوون، دەوری بەرچاویان لە ڕاگرتن و سەرخۆیی سازمان بوو، فەرماندە و سەرکردە شەهیدەکانی وەك مامۆستا سید خەلیل شریفیان ئەندامی دەفتەری سیاسی، مامۆستا عبدوللّا ئارام ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاك سید عبدولکریم حسینی فەرماندەی لێوەشاوە و ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاك خالید حەسەن نژاد ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاك تۆفیق کریمپور ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاك رەحمان قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاك عبدولا ئەحمەدپور ئەندامی کومیتەی ناوەندی، کاك تەها رۆحی ناسراو بە (تەهاسوور) فەرماندەو کادری لێهاتوو، کاك عبدولا حەمزە، کاك خلیل رەشاش، کاك مەلا عەلی رەسوولّی، کاك حوسێنی کریمی کادری دلسۆز و شۆڕشگێری سازمان، کاك محمد نانەوا فەرماندە و کادری لێ وەشاوە، کاك عەتا قادری (سنەیی) و چەندین کادری لێوەشاوی دیکەی سازمان بە خوێنی سوور و ئالّیان رەوایی ڕێبازی سازمانی خەباتیان نەخشاند. بەلێ ڕێبوارانی شەهید وهۆگرانی ڕێبازی سازمان هەموو سەختیەکانیان تەحەمول کردوە و بە کردەوە سەلماندویانە سازمانی خەبات هێزێکی ریشەیی و نیشتمانیە کە بە سەربەخۆیی و تێکۆشانی بەردەوام توانیویە خۆشەویستی گەلی کورد و ئازادیخوازان و چەقلّی چاوی دژمنانی کورد و ڕژیمی ئاخوندی و دژمنانی سازمانی خەبات بێ. گومان نیە ڕێبازی پاکی سازمانی خەبات تا سەرکەوتنی یەکجاری و هاتنە دیی ئازادی و بەختەوەری بۆ گەلی کورد بەردەوام دەبێ و ڕێبوارانی ڕێبازی پیرۆزی سازمانی خەبات لێبڕاوانەتر لە رابردوو لەپێناو ئازادی و رزگاریی گەلی کورد و روخانی ڕژیمی ئاخوندی تێدەکۆشن.

**بروخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران**